# هەر کەسانێک لە دانیشتنێکدا دابنیشتن ویادی خودا نەکەن وسەڵاوات نەدەن لە سەر پێغەمبەرەکەیان؛ ئەوا لە قیامەتدا پەشیمانیان بۆ دەمێنێتەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەر کەسانێک لە دانیشتنێکدا دابنیشتن ویادی خودا نەکەن وسەڵاوات نەدەن لە سەر پێغەمبەرەکەیان؛ ئەوا لە قیامەتدا پەشیمانیان بۆ دەمێنێتەوە، ئەگەر بیەوێت سزایان دەدات وئەگەر بیەوێت لێیان خۆشدەبێت».
[سەحیح - ڕاست)] [رواه أبو داود والترمذي والنسائي في الكبرى)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریداوە سەبارەت بە بێ ئاگابوون لە یادی خوای گەورە، وپێمان ڕادەگەیەنێت کە هەر کۆمەڵە خەڵکێك لە دانیشتنێکدا بن ویادی خودای تێدا نەکەن، وسەڵاوات نەدەن لەسەر پێغەمبەرکەی -صلى الله عليه وسلم- ئەوا ئەو دانیشتنە دەبێتە هۆی پەشیمانی وبێبەشبوون وخەسارۆمەندی بۆیان لە ڕۆژی قیامەتدا، بۆیە ئەگەر خوای گەورە بیەوێت سزایان دەدات بەهۆی گوناهەکانی پێشوو وکەمتەرخەمیان لە داهاتوویاندا، وئەگەر پەروەردگار بیەوێت لێیان خۆش دەبێت بە فەزڵ وڕەحمەتی خۆی.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5511

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee